تـــووڕەیی و کێشەکـــانی ســـەباح ڕەنجـــەر لـــە چیـــدایەڵ؟! … نورەدین کەمانگەر

لێکۆڵینەوە:

چ چاوەك لەو چاوە تەندروستر و ڕوونترو جوانترو گەشاوەترە کە ڕاستی و دنیا شاراوەکانی پێ دەبینێت؟ کە مەزەمیەتی پێ وتناوەکەین لە دەقێکی داهێنەرانەدا؟ ئەو چاوەی هێزو نووری بینینی لە توخم و زەڕاتی خاك پێکنەهاتبێت، چاوەك ناشیرینیەکانیش بکاتە جوانی، زوویری و ڕق و تووڕەیی بکاتە لێبووردن ، ئەوا زۆر دەگمەنە لەم زەمەنەدا:

لە کتێبی حەزدەکەم ئاوێندێ بژیم چاوم دەزیێوێ
چاوی ئاسمان و فەرمانڕەواکانی و بەهرێ و سروش
لە ناوچەوانی خەمدا چاندم
چاو چرای سەری مرۆڤ
چاوی سەرەتای نووسین و لەسەرەتادا وشێ هێبوو
ئەرێ گوێی سوور لە چاوەڕوانی چیدا
جلی خێی دەگۆڕێ و زەین و زەمینی ڕەشنێ

ئەگەر جەمال غەمبار بە لای سەباح ڕەنجەڕەوە ئاخێکی دووردرێژی هەڵکێشا بێت و خێی پێچابێتەوە و هەڵاتبێت، لێکەوتەو بەرکەوتەکانی ئەم باسە ڕەنگدانەوەی لە شیعردا جێهێشتبێت، تێدەگەین کە چۆن شیعر لەمێژماندا پەل دەهاوێژێت بۆ وردەکاری تەنانەت کێشەو بڕچوون و بابەتە شەخسییەکانیش، کە ئەمە بۆ داهاتوو دەبێتە مۆژوو و لێکۆڵەرەوان سەرقاڵی بابەتگەلێکی کەمەایەتی و شیعریش دەکات.
سەباح ڕەنجەر یەکێکە لەو شاعیرە بە بەختانەی فەرامۆش نەکراوەو ڕۆژەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەو نووسین و نامە و لێدوانی لەسەر نووسراوەو بۆ کراوە، کە زۆر جێی خۆیەتی هەموویان کۆبکرانایەتەوەو لە دووتوێی پەرتووکێکدا چاپ بکرانایە تا لە پەرتەوازەو لەناوچوون بپارێزرانایە و بەرچاوڕۆشنییەکیش ببوایە بۆ خوێنەرانی نەوەی ئەمێ، با لێرەدا وەك نموونە ئاماژەیەك بە هەندێکیان بکەین:

– کە خوێن دەبێتە وێنە، کە خوێن دەبێتشیعر
– گسکێکی ئەفسووناوی، خاشاکەکان ڕابماڵێت!

- پەیبردن بە نهێنی "بوون"
- نامۆیەکی کراوە بە سەباح نەجدەر/ عەبدوللا سەواج
- لەگەمەی زمانەوە بۆ گەمەی تەکنیك
- نامۆیەکی کراوە بە سەباح نەجدەر/ عەبدولرەزاق بیمار

هەروا سێ نووسینی لەدوایەکی کاک حەکیم:

- ووداو و سەرچاوەی سرووشی شیعری
- شیعری بەر سەبەری سانسەر
- چەبوونەوەی زمان لە شیعری نوێی کوردیدا... و چەندانی تر...

جا نهێنی مانەوەی شاعیر هەر رەنگە ئەو دیوە جوانەی خودو دەروون و ژیان بێت کە هیواو بەردەومی دەدات بە ژیانکردن تا ئەو ساتانەی شاعیر تەمەنی خۆی تیا دەپچڕێتەوەو بە حەز بێت یان ناحەز کەوانەکەی ئامادە دەکات و بارگەکانی لە شان دەنێت و کۆچ دەکات بۆ ئەو جێیەی خۆی پێشنیارو پێشبینی کردووە:

بۆهرێ و سرووش و یەکەم تەزوو
بۆ هاوکاری ئەوەو لە سەرزەمین ماومەتەوە

هەروەها رەنگە هۆیەکی ئەم حزورە دیدو بزاوتی شاعیر بێت بەوەی گەر نەنووسێت دەمرێت، یان گەر نەجەنگێت لەم ژیانە پێ نادادپەروەرییەدا ئەوا سەگەکان پەلاماری دەدەن و دەیخەنە فەرهەنگی فەرامۆشییەوە، چونکە بەداخەوە لە زەر باردا ئەم ژیانە بووەتە شەڕە سەگ:

برا بۆ شکۆیەکانم چێشنی گورگی دەشتودەر
لووراندیان و سەری بیریان لەسەر داخستم

بەڵام لەهەمووی سەیرتر و جیاوازتر لەوانی پێشوو ئەم دەقەی دوایی شاعیر بوو (هەرشی داڕکێرەکان) نەك لە ووی شەوازی ئەتەماتیکی نووسین، یان چۆنی بابەتەکان، بەڵکو لە ئیکەی خەتەرناکی دیدگاو بابەت و ناوەڕۆکەوە، کە ئەوەی بە وردی ئەم شیعرە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کێشمەکێشکی خەتەرناکی نێوان دیوە زەر ناشیرینەکانی کەمەگاو دەوروبەر تیایدا بوونی هەیەو مرۆڤ لە بیابانی بووندا لە نێوان ژیان و مردن جەدەڵێت، لە نێوان نەفرەتکردنی خوێنەر لەخۆی کە ئەو هەموو دیمەنە قێزەونانە بوونیان هەبێت و لە ئاکامیشدا شاعیر تاکە دڵخۆشیی و هیوایەکی لەبەهەشتدا ببینێتەوە:

لە بەهەشتدا قووڵترین تاسەم پاراو دەبێت
بیری سەر ئاو زەمینە ناکەم
شاعیرە پاشخانپەرەک و تکپەرەر و دووپشکە خووەدار و دەمامک
بە نگاوە نگەکان
نێیانهەشت
تاوەک لەسەری پشووەک بدەم و بچمە ناو گەرانی هەگریمەوە

خوێنەر کە ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە رەنگە کاریگەریی بارە دەروونییە جیاوازەکان بە رووونی درك پێ بکات و ئەم حاڵەش لەم دۆخەی شاعیردا بە رووونی هەست پێ بکات کە دەڵێت:

سوپاس بۆ بۆشە دڵباشکەی خەم

کێشەی جەنگ و شەخوازیی مرۆڤ جارانێك وا لە ئادەمیزاد دەکات بە تایبەتی ئادەمیزادی هەست ناسك و شاعیر، کە زیاد لە پێویست بابەتەکان ورد بکاتەوەو حەزەر بکات، کە بترسێت تەنانەت لەو کەسەی پێاوت بێ دادەنێت مارێکی نەخستبێتە ناویەوە، ئەی هاوار چ سات و کاتێکی ناقۆڵا تێکەوتووین؟ بەڵام ئەم هەستە بێ؟ ئایا کاردانەوەی رووداوەکانی مێژوو و ئێستای دەوروبەرە؟ یان ئەزموونە تاڵەکانی خود؟ یاخود شەڕە لە پێناوی مانەوەدا؟ بێ ئەوەی هاوکێشەکانی ئەم شەڕەش بزانە دی دەبێت لایەنی نەیار هەبێت، کە بەداخەوە لایەنی نەیار لەم شیعرەی کاک سەباحدا هەندێك لە شاعیرەکانن :

چاکەیەکی زەری شاعیرە
چاوەڕوانگە و
و
و
ـێ کانم لەسەرە
دڵۆش
بەدگە
دەروونکلێر
بەوەی زەر گەچێیان پێکردووم
لە گەچێیانەوە فڕبووم بۆ ئاسمانێك و نەکی خدری زیندە بیر بکەمەوە

خوێنەر کە دیمەنە ترسێنەرەکانی ناو ئەم دەقە دەخوێنێتەوە دەترسێت جارێکی تر نزیکی دنیای شاعیرەکان و بەر بارگەو زەرانبازی و رقەکانیان بکەوێت، زەقکردنەوەی ناکۆکی نێوان شاعیرەکان واتا بە کێشەکردنی ژیان بە هەموو مەدلولاتەکانیەوە، بەڵام ئەوەمان لە بیر

نەچێت ئەوانەی کە هەمیشە وا هەست دەکەن لەسەنگەردان و دوژمنیان هەیەو پێش وەختە زللەی خۆیان دەوەشێنن تا خۆیان بپارێزن لە ئەگەری بەرکەوتنی لێدانێك لە لایەن هاوپیشەو هاو بەهرەکانیانەوە ئەوا ناتوانن لە دنیایەکی هەمنی فراوانی نوێدا داهێنان و خزمەت بکەن، شتەکان وەك خۆیان ببینن، بابەتیانە مامەڵە بکەن، لە کارو کاردانەوە خۆیان بپارێزن، چونکە ژیان زۆر لەوە مەزنترە لە کێشەدا چێ بکرێتەوە، بەڵکو جگە لە ژیانی مرۆڤەکان لە دنیای زۆربەی بوونەرەوەکانی تردا تەبایی و هارمۆنییەت هەست پێ دەکرێت، لێرەدا ئەو گوتارەی شاعیرمان لە بیرە کە ماوەیەك پێش ئێستا باسی هەردوو شاعیری هاونەوەی خۆی دەکرد(نەزیر، حەمە) و (عەبدوڵا، عەلی ، یوسف) لە کاردانەوەیداو بۆنەیەکدا چونەتە دەرەوە لە کاتی هاتنەگۆی لە کۆنکدا.

لێرەدا هەندێك لەو وێنە شیعریە ترسناکانەتان بۆ دێنمەوە کە شێك بە خوێنەران دەهێنن و وای لێدەکەن بە تیری جەرگی ناکامی حەزەر بکەن و بڕۆن ئێغر.
لەو وشە و زاراوە لیخن و سیخناخانە بە ڤایرۆسی بەدی دەوروبەر، ئەم وشانەن کە لەم کۆپلانەدا چێ دەبنەوە:

ناوچەوان گرژ و ترشاو، مردوخ ، قەڵەشکی ئیفلیجبوو، گۆنیو، دووپشکێ خوودار، ماروگورگ و هاری، پەتاتەی مردوو، جانەوەرکی نەگریس، کلکی چەقۆی پێ سووتاو، بەردی لامردێ و ڤایرۆس و مێقەس..

پێش ئەوەی نموونەی هەندێك لە کێپلەکان بهێنمەوە، حەز دەکەم ئەوە بە کاک سەباح بڵێم کە دنیا وەك جاران نەماوە شاعیرە ژەنگ گرتووەکان بتوانن گەلە کەمە بکەن، ئێستا دنیا بووە بە جیهانگەرایی و میدیا بووە بە تەکنەلۆژی (ئای. تی)، ئێدی کەس ناتوانێت ئێسکی دوژمنەکەی بە بێ دەنگی بشکێنێت و گەلە کەمە لە شاعیری داهێنەرو جیاواز بکەن، خوێنەرانیش هێند وشیار بوون حساب بۆ فاریزەیەکیش دەکەن نەك دەقێك، جا چ پێویست دەکات خەریکی کاردانەوە دەروونیەکان بین و خەمان لە لوتکەی سەربڵندی ئەفراندن و جوانینووسی دووربخەینەوە؟

هەندێك لەو دیمەنانەی موچێکەیەکی بە ناخی منی خوێنەردا هێنا و هەڵوەستەیەکی لا دروستکردم:

بای بۆ لوورێی ناوچەوان گرژ و ترشاو
تەوزەل و

و
و
و
زەبەلاح
دەم و لچو ژەنگاوی
مردەخ
لەوەتەی چاوی هەشکەوپەشکە دەکات و تارمایی دەهێنێتە پاش و پێش
لەسەر زەویی نەرمونیان هەڵدەشێ دەکات

***

قەڵەشکی بەباداری ئیفلیجبوو
بەرەو دەم ئاوکی وەستاوی گەنیو
بە گریانەوە باڵە شکێیەتی
نەکا دوابکەوێت
پاش ئەوەی شاعیرە پاشخاپڕەک و هکپەروەر و دووپشکە خووەدار و
دەمامک هەڵنگاوەکانگکان
گەشتی شیعرەکانیان خواردم و بەسەر دەستەسەی منداڵکی باخچەی
ساوایاندا هشانەوە

***

مار ددانی لە کلکییەوەیە
گورگ برادەرایەتی لە کلکیدایە
هەوی هەزی لە کلکی کەکردووەتەوە و چاوی هەڵدەشەی هوونەکە
سیخوە کەوانی لە کلکییەوە دەکەشێت
ئای گوڵەستەرەی بەخشندە دژت چەند زەرن
کە هوونەکیت دەژەتە سەر زەوی

***

ناقەڵاترین پیلانگێڕە و وەیشوومە لەچاو
مامەستا چاویلکە هەڵنگاوەڵنگەکەی مەژووە
چەژی لە ژیانی دەرباریی بینی

***

تیرەگ بەسەر قوە و لیتە دادەهێنێت
بە هخسارەکی مەن و بە هەست وەک پەتاتەی مردوو نا دەخاتە جەگای ئا
قەڵەشەک و قومریەک نوستوون
***

شووشەی چاویلکەت دەبێتە دەوجامێ
دیکتاتۆر دەتوانن هونکاری بکەشن و باش بکاری بهێنن

***

دەستی خدری زیندە ئەسکی تێدا نییە
شاعیرە پاشخاپڕڕەک و تکپڕوڕ و دووپشکە خووەدار و دەمامک
ەنگاوەنگکان
چزووی شپرزەییەیان بکارهێنا و تەقی ئەسک تواندنەوەیان هەشت

***

شاعیرە پاشخاپڕڕەک و تکپڕوڕ و دووپشکە خووەدار و دەماک
ەنگاوەنگکان
پەیان لە خەمشی سووتانم سەدەبە و مڕوولە دەکات
لە ئاوێنەیەکی ەشدا دەمێننەوە
دەبنە قوزەی ناوچەوانی جانەوڕکی نەگریس

***

ئای زەمینی دەست و دەوون
نامەردی زەر و ناقەات لەسەر دەژین و ددانیان لە قوونیان هاتووە
زمانیشیان وەک کلکی چەقەی پە سووتاو لە ددانیان دەرهاتووە

***

دیکتاتۆر چاوی لە مس و کەلاشووشە داەژراوە
چاوی شاعیری
چاوهەاوگە و
و
و
یش
دەەش
بەدگە
دەروونکلەر
لە بەردی لامردە و ڤایرەس و مەقەس

ئەوە ماوە بەین؛ رەنگە نائارامی دەخی رامیاریی و دووفاقی و دووپشکی مرۆکان وا لە مرۆڤبکات جارانێك لە سەبەرەکەی خەشی بە گومان بێت، بەس باشترین دەخی بەختەوەریی مرۆڤ و ئاسوودەیی و بە ئارامینووستن: خەداماەنە لە گەژاوی کەشەو زەرانبازییەکان، بە دنیا هەر دەبێت زەرانبازیی بێت لە تاکەکی سادەوە تا دەوڵەتان و

جیهان؟ ئەی بۆ دەبێت لەسەر لێواری جەنگی سێیەمدا ژیان بکەین کە زۆر لە مرۆڤان دەبنە قوربانی شەڕەنگیزیی و پاوانخوازیی ئەهریمەنەکان؟ ئەمانە با هەموو لە لایەك بن و خولیا و کێشەکانی مرۆڤ وەك شاعیر لە لایەکی تر بن، من بەش بە حاڵی خۆم نەمبینیوە هیچ شاعیرێك لە شیعرەکانیاندا ئاوها ئاماژەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بە کاك سەباح بکەن، بەڵکو دەبێت کاك سەباح دڵی شاد بێت بەوەی هەمووان خۆشیان دەوێت و ماندوونەناسی و شیعرییەتی و هەست ناسکی پێدەزانن و ئەمەش لەکەس ناشاردرێتەوە، وەك چۆن لەم زەمەنەداو لە هیچ زەمەنێکیشدا تیشکی خۆر ناشاردرێتەوە، جا گەر هەر یەك دەق ساڵانە بنووسین یان مانگانە چەندان دەق بنووسینەوە، ئەوا خوێنەر تەماشای لایەنە جیاوازو داهێنەرو دەگمەنەکانی دەق دەکات و کەمەندکێشی دەکەن بۆ خوێندنەوەو لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی، ئێدی چ خەمان بێت ببینە کاراکتەرێکی ناو زۆرانبازییەکان، تەنانەت گەر زۆرانبازیەکان شاردراوەو خەیاڵیش بن نەك ڕیالیزمی و بەرجەستە- ئەوا بەشێك لە هۆزی بینین و داهێنان و ئاراستە دروستەکانمان خەفە دەکەن.

نورەدین کەمانگەر